# دیفاع لە خاتوون شەمزین جیهانی : دیفاع لە ئازادی یا ڕێکلامی حیزبایەتی !




پاش دادگایی کردن وبڕینەوەی زیندان بۆ هێژا " شەمزینی جیهانی" ، کە زۆرتر وەک چالاکی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت بواری مافی ژن ناسراوە ، کۆمەڵێک بانگەواز و ڕاگەیەندراو و چەند وتارێک لە ڕاگەیەنەرەکاندا و بەتایبەت تۆڕی ئینتێرنێت بلاو بووەتەوە . کە هێندێکیان جێگەی دسخۆشی و ڕێزن و چەند دانەیەکیان نابەجێ و نەگونج. گەرچی من خۆشبینانە چاو لە هەمویان دەکەم و پێموایە لە رووی دڵسۆزی و هاودەردی و هاودەنگییەوە بوون،بەڵام چەندانەیەکیان کە بە شێوەی نووسین و زبانی قسەکردندا دەردەکەوێ  لە کاناڵێکی دیاریکراوە دێنە دەروە، جیاواز لەوانی ترن . واتا مروڤ بە خوێندنەوەی هەست دەکات کە مەبەستی نووسەر یا نووسەرانی ، نەک داکۆکی کردن لە خاتوو جیهانی و مافەکانی وەک تێکۆشەرێک و بەتایبەت ئازادیی بیر و ڕاو و دەربڕین ، بەڵکە مەبەست بانگەشە و ڕێکلامە بۆ دوو لایەنی سیاسی کە سەرچاوەیان یەک دەگرێتەوە. دیارە هەر کەس و لایەنێک مافی خۆیە و ئازادە کە بۆ بیر وڕاو و ڕێبازی خۆی بانگەشە بکات . بەڵام ئایا بەهەر قیمەتێک ؟

ئەوەندەی من بزانم ، لە نێو هەموو هێزی سیاسیی ( قەدەغەکراو)دا وا باوە کە ئەگەر کەسێک بە گومانی لایەنگری یا ئەندامەتیی یەک لەم هێزانە بگیرێت ، ئەو هێزە  بە مەبەستی پاراستنی گیانی کەسی گیراو ، بێدەنگی دەکا و تەنانەت گەر دەزگاکانی ئەمنییەتی و دەوڵەتی تاوانی واش بخەنە سەر کەسی گیراو ، ئەو هێزە تا ئەو جێگەی بۆی بکرێ، حەرەکەتێکی وا ناکات کە تاوانەکە لە سەر کەسی کیراو ساق بێتەوە . چوونکە هێزە سیاسییەکان باش دەزانن بۆ نموونە حکوومەتی ئێران ، نەک هەر وا بە ئاسانی لە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان خۆش نابێ ، بەڵکە تێکۆشان لەم بوارەدا دەخاتە فازی " ئەمنییەتییەوە" و کە ئیدی شێوەی هەڵسو کەوتی خۆی هەیە و ئەوە 25 ساڵە گەلەکەمان بەچاو دەبینێ و تائێستا سەدان و بگرە هەزاران خۆشەویستمان بەم تاوانە ئیعدام کراون . تەجروبەی تائێستا بەمشێوە بووە کە مەگەر گیراوێک بە ئیعدام مەحکووم کرابێ ، یا ئەوەی کاری دادگا تەواو بووبێ و کەسی گیراو  حوکمی وەرگرتبێ . تازە لەمەی دووەمیشداحیزبەکەی  بە ناوی ئەندامی خۆیەوە داکۆکیی لێ ناکا و وەک تێکۆشەرێک دەیناسێنێ . هۆیەکەشی دیارە و پێشتر ئاماژەم پێکرد  .

بەڵام بە داخەوە ئەم پێوەر و دابە ، لەمەڕ خاتوو جیهانی ڕەچاو نەکرا . هەر ڕۆژی ئەوەڵ کە دادسرا بانگی کرد ، ئێوارەکەی سایتە ئینتێرنێتییەکان پڕ بوون لە هەواڵی " ئەو تاوانانەی کە بە خاتوو جیهانی " تەفهیم" کرابوون . دیارە لەنێو ریزێک تاواندا ، ئاگاهانە چەند دانەیەکیان زەق کرابوونەوە کە ئەویش وەک باسمکرد  لایەنگری و نزیکایەتیی لە دوو لایەنی هاو سەرچاوە بوون . دیارە ئەو لایەنانە ڕاستەوخۆ لەم بارەوە هیچیان دەر نەکردووە ( یا من نەمدیوە ) . کە ئەمە هیچ لە هەڵەکاریەکان کەم ناکاتەوە . چوونکە لانی کەم دەبوا پاش بڵاو بوونەوەی تاوانەکانی خاتوو جیهانی و هاتنی ناوی ئەوان ،   بە شێوەی فەرمی پێوەندیی ئەو خانمەیان لەگەل ڕێکخراوەکەیان بەدرۆ خستابایەوە . بەڵام بە داخەوە ئەوکارەیان نەکرد و ڕۆژانی پاشتر ، لە هەشت نۆ تاوان کە دادگا وەپاڵ جیهانیی دابوو ، هەر ئەوانەیان هێشتەوە کە پێوەندیی بە هاوکاری ئەو هێزانەوە بوو . دیارە ئەم شێوە بانگەشەکردنە دوور لە داب و نەریتی باوە و تائێستا من بەش بەحاڵی خۆم نموونەیم نەدیتبوو . ڕاستە دیفاع لە هەر کەسێک کە بەشێوەیەک مافی زەوت دەکرێ و بەتایبەت ئەوکەسانەی کە بەهۆ تێکۆشانی سیاسی یا کۆمەڵایەتی دەگیرێن و زیندانی دەکرێن ئەرکی هەر ئینسانێکە . بەڵام سزاوار نییە لەم کاتانەدا

به ناوی داکۆکی کردن له کەسی گیراو ، دەردیسەری زۆرتری بۆ دروست بکەین و بەشێوەیەک بەڵگەی ڕاستیی تاوانەکان بدەینە دەستی جەللادانەوە .
بەڵام وا دیارە  کە لە نیو ئیتیهامە کانی خاتوو جیهانیدا باسی هاوکاریکردن لەگەڵ  ئەم هێزانە نەکراوە یا ئەو بەڕێزە توانیویە بیسەلمێنێ کە پێوەندیی سیاسیی لەگەلیان نییە  . من پێموایە  هێندیک کەس سەربەخۆ ئەم تاوانانەشیان بە تاوانەکانی خاتوو جیهانی زیاد کردووە. چوونکە وەک باسم کرد تاوانی هاوکاریی هێزی سیاسی لە رژیمی ئێراندا زۆرقورسە. مەگەر ئەوەی  تێکۆشانی ئەم هێزانە لای حکوومەتی ئێران هێشتا نەچووبێتە فازی ئەمنییەتییەوە  و بە جیدی نەیانی گرتبێ.